# ڕاپۆرتی تانگانیکا

نازم حیکمەت
و. لە فارسییەوە: هەژێن

**نامەی سێیەم**

شەو، درەنگانێ لە قاهیرە هەڵفڕین
دوور، زۆر دوور، لە نووکی باڵەکانیا، چرای سووری دابڕان هەڵکرابوو.
ئەستێرەکانم گرتنە نێو لەپم و خەوتم.

لە ڕووناکی کازیوەدا، لە فڕگەی «خەرتوم» نیشتینەوە،
ڕووناکییەکی سپی بێ هەور،
ڕوناکی سێرامیکەکان،
فنجانێکی سێرامیك، ناسك وەك پێست.
«کۆمێت»ێکی دێوئاسای لێبوو
فڕۆکەی هێڵی هەوایی سودان.
فڕۆکەیەکی وەرزشیی گچکەی زەرد و سووریش.
تێنەگەیشتم بۆچی لەوێندەرێ بوو.

فڕگەی «خەرتوم» خاوێنە.
خۆر لە فێنکی بەیانیدا سەردەکەوت.
پاڵتۆکەم خستە سەرشان و ڕووبەڕووی دانیشتم.
لە هەرکوێ بم، تەنانەت لە زیندانیش،
ڕۆژم بە زرینگانەوەی هەواڵێکی خۆش لە گوێما دەستپێدەکا.
سودانییەکان جوانن،
- ژنە هۆنەرێکی سودانی دەناسم، جوانی جوانانە - *
لە داری ئابنۆس داتاشراوە.
کراسی سپی، کەتانی سپی و سپیەتی مێزەرەکانیان.
ئەفسەرانی یۆنانی پیاسەدەکەن و بە ئینگلیزی دەدوێن
ڕاوچیانی موو زێڕینیش ویسکی دەخۆنەوە.
ڕاوچیان بۆ ڕاوی شێر و ڕاوی پەموو هاتوون.
تفەنگەکانیان بەرگی نایلۆنییان هەیە.

خۆر بە ئەندازەی ڕمێ بەرزبووەتەوە،
پاڵتۆکەم خستەلاوە و چاکەتەکەمم داکەند.
«کۆمێت»ەکە وەك هەڵچوونی بورکانێ لە زەمین بەرزبووەوە و
بەرەو لەندەن هەڵفڕی.

کچم تۆ لە کوێ بزانی،
کە «عوسمانی»یەکانی وڵاتی من، لەم خاکە سوورەوە کۆیلەیان دەبرد.
کۆیلەی بەژن دوو مەتری،
هەروا عاج و ئاڵتونیش،
بە پشیلە خستنە دەرپێی ژنان، باج و خەراجیان کۆدەکردەوە.
لەوانەیە هێشتا ئەم شێوازە لە ئاناتۆڵی باوبێ
بەڵام کۆیلانی ئەناتۆڵی کورتەڵە و ئێسك ئەستوورن.

فێبریوەری ١٩٦٣

****************************
* ڕاپۆرتی تانگانیکا یەکێکە لە دواهەمین هۆنراوەکانی نازم حیکمەت، چونکە لە فێبریوەری ١٩٦٣ هۆنراوەتەوە و 'نازم حیکمەت' لە جونی هەمان ساڵدا مردووە. ئەم ڕاپۆرتە لە شێوەی دە هەڵبەست-نامەدا، ئاراستەی ' ڤێرا تولیاکۆڤا ' هاوسەرە ڕوسەکەی کردووە، کە لە ساڵی ١٩٦٠دا لەتەك نازم حیکمەت هاوسەریی کردووە.
** تانگانیکا، وەك دەزانن لە کاتی گەشتەکەی نازم حیکمەت دا، دوو ساڵ بوو کە سەربەخۆیی بەدەستهێنابوو و بە پێشەوایی ' جولیوس نایەرەرە Julius Nyerere کەوتبووە نێو وڵاتانی هاوبەرژەوەندی ئینگلیسی ..ئەو وڵاتە لە ساڵی ١٩٦٢دا بە ڕێکەوتنی زنگبار ' کۆماری تانزانیا'ی پێکهێنا و 'جولیوس نایرە' وەك سەرۆککۆماری دانرا.
www.hezheen.tk

# Raportî Tanganîka

Nazm Hîkmet
w. le Farsîyewe: Hejên

**Namey sêyem**

Şew, drenganê le Qahîre hellifrrîn
dûr, zor dûr, le nûkî Ballekanya, Çray sûrî dabrran hellkrabû.
Estêrekanim girtne nêw Lepim û xewtim.

le rûnakî Kazîweda, le Firrgey "Xertum" nîştînewe,
rûnakîyekî spî bê Hewr,
runakî Sêramîkekan,
Fincanêkî Sêramîk, nask wek Pêst.
"Komêt"êkî Dêwasay lêbû
Frrokey Hêllî hewayî Sudan.
Frrokeyekî werizşîy giçkey zerd û sûrîş.
tênegeyiştim boçî lewênderê bû.

Firrgey "Xertum" xawêne.
Xor le fênkî Beyanîda serdekewt.
Palltokem xiste serşan û rûberrûy danîştim.
le herkiwê bim, tenanet le Zîndanîş,
Rojm be zrînganewey Hewallêkî xoş le Gwêma destipêdeka.
Sudanîyekan cwanin,
- Jne Honerêkî Sudanî denasm, cwanî cwanane - *
le Darî Abnos dataşrawe.
Krasî spî, Ketanî spî û sipyetî Mêzerekanyan.
Efseranî Yonanî pyasedeken û be Îngilîzî dedwên
Rawçyanî Mû zêrrînîş Wîskî dexonewe.
Rawçyan bo rawî Şêr û rawî Pemû hatûn.
Tfengekanyan Bergî Naylonîyan heye.

Xor be endazey Rmê berizbuwetewe,
Palltokem xistelawe û Çaketekemim dakend.
"Komêt"eke wek hellçûunî Burkanê le Zemîn berizbuwewe û
Berew Lenden hellifrrî.

Kçim to le kwê bzanî,
ke "'Usmanî"yekanî Wllatî min, lem Xake sûrewe Koyleyan debrid.
Koyley Bejn dû Metrî,
herwa 'Ac û Alltunîş ,
be Pşîle xistne Derpêy Jnan, Bac û Xeracyan kodekirdewe.
lewaneye hêşta em şêwaze le Anatollî bawbê
bellam Koylanî Enatollî kurtelle û Êsk estûrin.

*** le wergêrrane farsîyyekeda em dêrre hatuwe, bellam le deqe turkîyekeda em dû <> kewane bewatay kurtkirdnewe û wajey soylusuna hatûn, ke le wergêrane farsîyekeda nîyn.**

Fêbrîwerî 1963

*********************************************

* Raportî Tanganîka yekêke le dwahemîn Honrawekanî Nazm Hîkmet, çunke le Fêbrîwerî 1963 honrawetewe û Nazm Hîkmet le Cunî heman Sallda mirduwe. Em Raporte le şêwey de Hellbest-Nameda, arastey «Vera Tulyakova » hawsere Rusekey kirduwe, ke le Sallî 1960da letek Nazm Hîkmet hawserîy kirduwe.
** Tanganîka, wek dezanin le katî geştekey Nazm Hîkmet da, dû Sall bû ke serbexoyî bedestihênabû û be pêşewayî « Julius Nyerere » kewtbuwe nêw Wllatanî hawberjewendî Îngilîsî .. Ew Wllate le Sallî 1962da be rêkewtinî «Zingbar » Komarî « tanzanya »î pêkhêbna û Julius Nyerere wek serokkomarî danra.
www.hezheen.tk